# ئۆپۆزیسیۆنی بەشدار

سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە دەرئەنجامی بوونی دیموکراسیەکی راستەقینەو لەدایک بووی ئەو کۆمەڵگایەیە، بەواتایەکی تر دیموکراسی ناکامڵ، ئۆپۆزسیۆنێکی ناراستەقینە بەرهەم دەهێنێت . لەچەند وتارێکی تردا رەخنەم لەدیموکراسیئەم ناوچانە گرتووە، وەستایشی دیموکراسی راستەقینەشم کردووە . بۆیە ئەم ووتارە تەنها هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان و هەروەها لەعێراق . ئەڵبەتە لەهەرێمی کوردستان هێشتا ئۆپۆزسیۆن نەبۆتە خاوەنی مێژوو واتە تەمەنی ئۆپۆزسیۆن و سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لەچەند ساڵێک تێناپەڕێت , بەمانایەکی تر سەرهەڵدانی گوتاری ئۆپۆزسیۆن لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ی پەرلەمانی کوردستان هاتە ئاراوە .. ئەوە جگەلەوەی کە زەمینەی پێش وەخت لەرووی و فەرهەنگی و مەعریفیەوە تائەندازەیەک لاوازبووە لەکۆمەڵگای کوردیدا . ئەگەرچی بوونی نارەزایی خەڵک و دابیننەکردنی پێداویستی ماف و ژیانی هاولاَتیان لە هەرێمی کوردستان رێگە خۆشکەربوون بۆسەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن، سەربارەی رۆڵی میدیای ئەهلی و رۆشنبیران و رەخنەگران، هەروەها بوونی رەخنەی سیاسی و بیرو رای جیاواز لە سەرکردایەتیکردنی هێزە سیاسیەکاندا، هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی ئەو ئۆپۆزسیۆنە بوون، بەدیوێکی تردا ئەمەىَت بڵێم ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان و هەروەها هەمان ئەو ئۆپۆزسیۆنە لەعێراقدا لەبازنەیەکی ناڵۆژێکیدا گوزەردەکات، ئەمەش بەهۆی نەبوونی پاشخانی فیکری و هەروەها زەمینەی سیاسی راستەقینەی لەبار بۆ سەرهەڵدانی ئەو ئۆپۆزسیۆنە، راستە ئەو ئۆپۆزسیۆنە خاوەنی چەندین کورسی پەرلەمانی کوردستان و چەند کورسیەکی پەرلەمانی عێراقە، بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکان بەهەردوو رووی دراوەکە کاردەکات، بەواتایەکی تر لەکوردستان لەدەرەوەی حکومەت و خاوەنی بودجەیە سەدان ملیۆن دیناری مانگانەیەو لە هەمانکاتدا ئەگەر شنەبایەک لە حکومەتەوە بێت ئەو ئۆپۆزسیۆنە وەک رەشەبایەک تەماشای ئەکەن و هەرچی حیزبە دەسەلاتدارەکان بەلایانەوە قەشەنگ بێت، بەلای ئەوانەوە دێوەزمەیە. بەدیوەکەی تردا هەمان ئۆپۆزسیۆن لەعێراقدا کەبەگوتارێکی ترو بەئەجێنداو ئامانج و داوایەکی ترەوە بەشدارن لەپرۆسەی سیاسیدا، پێیوایە ئەبێت لەوێدا بەشداربێت لەحکومەت و خاوەنی وەزیرو جێگری وەزیرو باڵیۆزو پێداگری جدی لەسەر ئەو مەسەلەیە بەئەرکی سەرەکی گوتارەکەی ئەزانێت, ئەوە لەیاد ئەکات کە ئەو بەناوی ئۆپۆزسیۆن و گۆڕینی بەرنامەو شێوازی تازەی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ناوەند کار دەکات، بەڵام ئەوەی لە ئێستا لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ئۆپۆزسیۆنە بەدەی ئەکرێت نزیک نیە لەو بەرنامەیەی کە دەنگی لەسەر هێناوە.

لەکوردستان کەهەیمێکی فیدراڵیەو خاوەنی یاساو رێساو دامودەزگای خۆیی و پەرلەمان و حکومەت و هێزی چەکدارو هەمووی پێکهاتەو فۆرمێکی کوردیانەی هەیە . لێرەدا ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەسەنگەردایە و هیچ سازشێک یان هیچ دەرفەتێک بە لایەنی حکومرانی هەرێمەکە نادات و وەک رەشو سپی مامەڵەی لەگەڵ ئەکات، بەدیوێکی تردا لەعێراقێکدا کە نوقمی گەندەڵی و بیری شۆڤێنیەت و مامەڵەی تایفی و مەزهەبی بووە . لەوێدا بەشدارئەبێت لەحکومەت و هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو حکومرانیە نیە، ئەگەر تەماشا بکەین ئەمە ئیزدواجیەتێکی سیاسی و پەرتبوونی گوتاری ئۆپۆزسیۆنە، ناکرێت لەماڵی خۆیدا لەسەنگەردا بێت بۆ رەخنەو دەنگ هەڵبڕین و لەبەرامبەردا بەشداربێت لەحکومرانیەک کە هیچ بنەمایەکی دیموکراسی و ئەنجامێکی راستەقینەی سیاسی بەدی نەکرێت تیایداو هەموو فشارو چالاکیەکی سیاسی و مەدەنی بۆ داواکردنی پۆستی بالای ئیداری بێت، عێراق هیچ کات وەک ئەم هەل و مەرجە سیاسیەی ئێستا پێویستی بە ئۆپۆزسیۆن نیە. چونکە وەختە گەلەکەی ببێتە قوربانی بیری تایفی و مەزهەبی و ئایدۆلۆژی, بەم پێیە بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزسیۆن و گوتارێکی جیاوازی راستەقینە، دیموکراسی لە عێراقدا هەر لەتابوتێکدایە نە ئەخرێتە گۆڕەوە نەلەسەر شانۆی سیاسی رۆڵ دەبینێت، ئۆپۆزسیۆنیش بەشێکە لە بەشداریکردن و رێگە پێدەرە لە دروستبوونی ئەو دۆخەدا، بەهۆی نەبوونی سەدایەکی بەهێز بۆ رەخنەگرتنی جدیانەی ئەو سیستمە سیاسیەی کە ناتوانێت ژیانێکی جیاواز و ئاسوودەو ئارام بۆ گەلی عێراق دەسەبەر بکات.



هیدایەت ئیبراهیم
hidaiat٧٩@yahoo.com

# به درێژایی مێژووی بندەستی له تێكۆشاندا بوین

به درێژایی مێژوو گەلی کورد کەوتۆتە بەر هێرشی داگیرکەران، و هەر دەم لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بۆ بەرژەوەندیە کاتیەکانی خۆیان، کوردیان کردۆتە قوربانی ویست و داخوازیەکانیان. ئەوە راستیەکەی حاشا هەڵ نەگرە کە بە درێژایی سەدان ساڵ بن دەستی و کوێلە بوون و نەبوونی ئیرادەی سەربەخۆی سیاسی، گەلی کورد، توشی قەیرانی کۆمەلایەتی و سیاسی ، ئابوری بێت. لە کاتێک دا کە بە درێژایی مێژووی بن دەستی لە تێکۆشاندا بوین بۆ بە دەست هینایی ئیرادەو و سەربەخۆیی فکری، بە هەمان ئەندازەش دوژمنانی گەلەکەمان لە پیلان گێراندا بوون بۆ ئەوەی زیاتر زنجیرەکانی کوێلە بوون بە دەست و لاقی گەلەکەمانەوە گرێ بدەن. هەر کات بە مەبەستی دانوساندن لە گەڵ داگیرکەران لە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ بەستنی پەیمان، رێبەرەکانمان دادەنیشتین، ئەوکاتە هەستمان بەوە دەکرد کە بۆ جارێکی کە فریو دراوین و جەستی لە خوین هەڵکێشاوی رێبەرەکانمانیان بە هەدیە بۆ دەگەراندینەوە. لاواز بوونی فکری سیاسی و هەڵنەسەنگاندنی رەوشی کاتی و نا سەر بەخۆیی فکری و پشت بەستن بە بیگانە، هۆکار گەلێکن لە سەرنەکەوتنی تێکۆشانمان بۆ ئامانج و مەبەستی هاوبەش کە ئازادی بوو. ئەوەش وای کردەبوو کە هەر کات، سەرهەڵدانێک سەری هەڵدەدا لە وە بفکرین کە کەی سەرکوب دەکری و لە دوای شکەستی هەر سەرهەڵدانێت شۆرشێکی نوێ ئاوا بکەین. هەر شکەستێکی گەلەکەمان لە تێکۆشان، کە بە مەبەستی ئازادی خەباتی دەرکرد، لە ناو دەچوو، برینی ئەو گەلەی قولتر دەکردەوە. بەڵام بە هەمان ئەندازەش رۆحی تێکۆشان و خەبات و فیداکاری لە نەسلی داهاتوودا دروست دەکرد. مێژوومان شاهیدی بەرخۆدان و قارەمانیەتیەکی بێ وێنە بووە. هەر لاپەرەیەکی ئەو مێژووەمان بە خوینی هەزاران شەهیدی گەلەکەمان نوسراوەتەو، دەمژمێرییشمان بە بێ تۆمار کردنی رووداو بە تاڵ نەهێشتووە. لە کاتێک دا کە ئیمە خاوەن ئەو مێژووە پر بەهایەن، بەلام ئەگەر چاو لە بارودۆخی ئەمرۆی گەلەکەمان دەکەین، هەست بەوە دەکەین ، ئەم گەلە شایانی ئەو دنیە ئاوای لێ بە سەر بێت. ناکۆکیەکانی ناوخۆیی و سەرقاڵ بوون بە شەری فکری لە نێوان حیزبەکاندا، ئامانجی سەرەکی، کە تێکۆشانە، بۆ یەکگرتن و خەباتە بۆ ئازادی و رزگاری گەڵ لە بیر کراوە. ئەوە لە کاتێک دایە کە ترافیکە تیپلۆماتیەکانی نێوان داگیرکەرانی کوردستان و زلهێزان، لە ناوچەکەدا رووی لە زیاد بوونە و هەر رۆژ لە نانەوەی پلان بۆ سەر گەلەکەمان بە مەبەستی ئینکارو ئیمحا و لە نێو بردن گەلەکەمان دادەرێژرێت. لە سێدارە دانی رۆلەکانی تێکۆشەری کورد لە زینداەنکانی ئێران، لە لایەکی کەوە ئاستەنگ کردنی تەنانەت زمانی کوردی و بەر فراوان کردنی ئۆپەراسیۆنەکان لە باکۆری کوردستان و کێشە درووست کردن بۆ بەرێوە بردنی مادەی ١٤٠ و گەراندنەوەی ناوچە دابراوەکان بۆ سەر هەرێمی خۆبەرێوە بەری باشور، و ئینکار کردنی ناسنامەی بە میلیۆنان کورد لە باشوری رۆژئاوای وڵاتەکەمان نیشاندەری ئەم راستیەیە. ئیستا لە جی ئەوەی خەباتی نوێنەرانی کورد کە دەیان حیزب و لایەنی لێ کەوتۆتەوە و ناکۆکی فکری نێوانیان لە ئاستێکی بەرز دایە و کەمتر نەبۆتەوە، کە بێ گومان ئەوەش دەستی داگیرکەران و جاسوسانی دوژمنانی گەلەکەمانی تێدایە، هەر دەچێت ئەم ناکۆکیە دەبێتە گرێپوچکەیەکی کە و ئاستەنگ بۆ لێکنزیک بوونەوە و دانوساندن. ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەم ناکۆکیە کەوتۆتە نێو کۆمەڵگاکەشمانەوە. بۆ نمونە کسێک|تاکێک کە لایەنگری فکرێکە، لەگەڵ کەسەکەی تر کە لایەنگری فکرێکی کەیە، دەکەونە قەڵسە گێران و شکاندنی شەخسیەتی و تەنانەت برینی هەموو پێوەندیەکی کۆمەلایەتی لە گەڵ شەخسی ئامارە پێ کراو. ئەوە گەورەترین قەیرانی کۆمەڵایەتیە، کە گەلێک توشی دەبێت. کاتێک بیرو باوەر دەکەوێتە پێش هەستی نەتەوایەتی هەر میلەتێک، ئەوە ئینحرافی کۆمەڵاتی لە نێو ئەم گەلەدا رووی داوە. ئەوەمان لەبێر نەچێت کە زۆر کات دەبیستین، ئێمە بەر لە هەموو شتێک مرۆڤین(ژن یان ۆپیاو)، دواتر کوردین، دواتر لایەنگری بیرو باوەرێکین. کەواتە خالی هاوبەشمان زۆرە، بەر لەوەی بکەوینە ململانێوە. لەو ململانێە بێجگە لە زەرەری خۆمان و قازانجی داگیرکەران و ناحەزانی گەلەکەمان هێچی تری لێ ناکەوێتەو. لە کاتێک دا کە رۆڵەکانی گەلەکەمان لە بن پەتی سێدارەن، هەر رۆژ شەهید بە شەهیدەکانمان زیاتر دەبێت، ئەم ناکۆکیە فکریانە با وەلا بنەین و بکەوینە دانوساندن و هەنگاو بۆ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەڵ هێنین. ئەوە کەمترین کارە کە دەبێ بیکەین بۆ ئەوەی خوێنی شەیهیدانمان لە سەر زەوی وشک نەبێتەوە و هەر رۆژ رومەتی دایکانی گەلەکەمان بە فرمێسک تەر نەبێت.



نیگار عنایەتی

# كورد دەبێ بتوێتەوە!!

کەس نازانێ کورد بەژمارە چەندن، هەندێک کەس دەڵێن چل ملیۆن. ئەگەر ئەم ژمارەیە پێوەنانی تێدا نەبێ، مایەی دڵخۆشی نییە. ژمارەکە بەراورد بکە لەگەڵ دۆخی ژیانیان شەرمەزار دەبی، ناوی گەورە و دێی وێران. هەندێک جار گوێت لێ دەبێ دەڵێن کورد گەورەترین گەلی سەر رووی زەوییە کە سەربەخۆییان نییە، وڵاتیان لەتلەت و کولتووریان دابڕدابڕە. منیش جاران تەبای هەموو کورد شانازیم بەم دۆخەوە دەکرد. ئێستا پەشێمان بوومەتەوە لەم شانازییە و هەست بە سەغڵەتییەک دەکەم لە ئاستیدا. پرسیارێکیش ئاراستەی خۆم دەکەمەوە ئاخۆ ئەم گەلە کە بەدرێژای مێژوو بندەست و چەوساوە بووە و هیچ رۆژێک دەسەڵاتی نەبووە بەسەر نیشتمانی خۆیدا، چۆنە ماوەتەوە و لەناو نەچووە؟ زۆر گەل بەم دۆخانەدا تێ پەڕیون و تەنیا ناو، یان شوێنەواریان ماوە. "بەختەوەران" پێیان وایە ئەم مانەوەیە لە ئەنجامی بەرگرییە. من لەبەرئەوەی لە "بەختەوەران" نیم پێم وایە ئەگەر گەلێک بەرگری کردبێ، خۆی سەربەخۆ و وڵاتی سەرفراز دەبوو. کورد بەرگریی لە وڵات نەکردووە، بەرگریی لە ناوچەی بچووک و کۆمەڵەی بچووک و خێڵ کردووە کە لەویشیاندا سەرکەوتوو نەبووە بەهۆی ناحەزی و کینەیان بۆ یەک. بەسەرهاتی بەکۆتا گەیشتنی میرنشینەیلی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە باشترین بەڵگەیە. عوسمانی یەک لە دوای یەک چەپاوی کردە سەریان، ئەوانیش کەسیان بەفریای کەسەوە نەچوو. با نموونە لەوە نەهێنینەوە چەند هاوکاریی دوژمنیان کردووە دژی یەکتر.

سەبارەت بەمەیە کە شەرەفخانی بەدلیسی، کورد بە گەلێکی خۆخۆر ناو دەبا، هۆی خۆخۆرییەکەش دەستنیشان ناکا. بەڵام ئاخۆ گەلێک هەیە هێندە بندەست و خۆخۆر بێ بەو رادەیەی شەرەفخان باسی دەکا و لەناویش نەچووبێ؟ بەڵێ هەیە، کورد. ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە لە رابردوودا، چ بەهۆی خۆخۆرییەوە و چ بەهۆی خوێنەخۆریی دوژمنەوە، هی ئەوە نییە ئەو گەلە مابێتەوە، هی ئەوەیە تواوبێتەوە. بەڵام نەتواوەتەوە لەبەرئەوەی توانەوەش "بێگومان" گونجانێکی دەوێ و کوردیش ئەو گونجاوییەی نەبووە. خۆبەستنەوە بەداوونەریتی خێڵەکایەتی و دەمارگری بەڕادەی کوێرایەتی، بوونەتە هۆی ئەوەی تاکی کورد دەست لە هیچ بنەوایەکی خۆی هەڵنەگرێ، تێکەڵاوی لەگەڵ خێڵاندا نەکا و ژنخوزازییان لەگەڵدا نەکا، نامۆییان لێ بکا لە هەموو شت ئەویش تەنیا بۆ پاراستنی سەربەرزیی خێڵایەتیی خۆی، تەنیا شۆڕشی ئەیلوول سەرەتایەکی لەمانە گۆڕی.

منداڵ بووین قسەیەک باوبوو دەیانگوت کوردێک چوو بۆ وڵاتێکی بیانی، زۆر مایەوە بەڵام فێری زمان نەبوو، ناردیان بۆ گوندێکی دوور چ کوردی لێ نەبێ تا ناچار ببێ فێری زمان بێ. پاش چەندان ساڵ چوونەوە لای، لە دەرگەیان دا تا بزانن کوردە فێری زمان بووە یان نا، منداڵێک لەودیو دەرگاوە بەکوردی لێی خوڕین: کێن ئێوە؟ جاران شانازیمان بەم بەرگرییەوە دەکرد و سەرسام دەبووین لە ئاست نەتوانەوەدا، هەر گەلێکی تر بوایە دەتوایەوە و لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجا. زۆر ماڵە کوردم لە ئەورووپا بینیوە چی کۆنینەی دەستکرد و چاوەزار هەیە بەدیوارەوە هەڵیان واسیوە، چ سترانی کۆن هەیە بردوویانە و گوێی لێ دەگرن، تەنانەت زۆر لەم کەلوپەلانە لە کوردستانیش دەست ناکەونەوە.

رەنگە یەکێک لە پێسیر و بەرۆکم بگرێ و بپرسێ باشە بۆچی بەلاتەوە نەرێنییە کورد نەتوابێتەوە؟ یان ئاخۆ مانەوەی کورد بۆچی مایەی شانازی نییە؟ لێرە من وەڵامی ئەمە دەدەمەوە: بەڵێ نەتوانەوە ئەرێنییە و مایەی شانازیشە بەڵام نەتوانەوەی کورد لە بەرگری لەخۆ، یان لە پاراستنی نیشتمانەوە نەبووە، بگرە لە پاراستنی خێڵ و سەروەریی خێڵەکایەتییەوە بووە، لە نەبوونی گونجاوی و نەشیان بۆ توانەوە بووە. کورد شیان "قابلیە"ی توانەوەی هەبوایە لەناو خۆیدا دەتوایەوە و دەبوو بەگەلێکی یەکگرتوو. ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکەمدا زۆر خێڵی کورد کچ بەشوو نادا بەخێڵی هاوسێی خۆی، لە دەرەوەی دیالەکت و ناوچەدا ئەمە هەر روو نادا. چەندان ساڵ بوو خەمی ئەوەمان بوو چۆن زمانێکی گشتیمان هەبێ، ئێستا کوردستانی عێراق دوو دیالەکتی هەیە بۆ خوێندەواری، فەیلی و هەورامیش داوای هەمان شت دەکەن و دەستیشیان پێ کردووە. ناشتوانی لەوبارەیەوە بۆچوونێک دەربڕی لەبەرئەوەی دەماری خێڵایەتی هێندە کشت و پەستە، دەتەقێتەوە بەڕووی هەمووی دژێکدا. گرینگ بۆ هەموو کوردێک ئەوەیە لە کوردێکی تردا نەتوێتەوە.

نهێنیی مانەوەی کورد لە مێژوودا و نەتوانەوەی لەناو گەلانی تر، لەگەڵ نهێنیی نەگەیشتنی بە سەربەخۆیی و رزگاری، هەمان نهێنییە، هەردوو جاریش کلۆڵییە بەدەست هزر و نەریتی خێڵەکایەتییەوە. زیاتر لە نیوەی رووناکبیر و سیاسەتوانی کورد ناسناوی خێڵایەتییان هەیە. بنووسی کورد هەیە، نەک یەک دەیان، لە نوێباوترین بابەت دەدوێن و دەنووسن، یان بەڵگەی بەرزی خوێندنیان تێدا هێناوەتەوە، بەڵام ناوبانگ و ناسناویان خێڵ و دەڤەر و گوندە. سەرکردایەتیی کورد ئەگەر بیەوێ کورد ببێ بەخاوەنی پێناسەیەکی سەردەمییانە، دەبێ بەر لە هەموو شت بنج و بناخەی خێڵەکایەتی هەڵتەکێنێ. بێگومان داوای کاری لابڕ "متگرف"انە ناکەم، دەشێ لە هەنگاوی سادە و کورتەوە دەستی پێ بێتەکردن، بۆ نموونە دانانی ناسناو یان پاشناو بۆ خەڵک. مرۆڤ بەناسناو دێتە ناسینەوە نەک ناوی باووباپیری، ئەوە نەریتێکی خێڵەکییانەیە کە دەبێ مرۆڤ ناوی باوک و باپیری پێوە بێ تا نەمریان بکا. هەموو وڵاتانی دنیا ئەم پێڕەوە رەچاو دەکەن تەنانەت وڵاتانی هاوسێشمان. دەبێ ناوی خێڵ و گوند، چی تر پاشناو و ناسناو نەبن تەنیا لە چەند دۆخێکی کەمی وەک بنەماڵەی بارزانی یان بنەماڵەی مام جەلال لەبەرئەوەی ناوبانگیان لە سنووری کوردستان تێ پەڕیوە و بوونەتە بەشێک لە مێژووی کورد.

چار نییە دەبێ کورد بتوێتەوە، بەڵام توانەوە لەناو غەیرەدا نا، لەوە دەرچووە کورد جارێکی تر مەترسیی توانەوەی لێ بێتەکردن، کورد بەچەوسانەوە لەناو بچوایە دەبوایە لە تورکیا نەمایە. کورد دەبێ لەناوە خۆیدا بتوێتەوە و چی تر ئەم گاڵتەجاڕییە نابەرپرسانەیە نەمێنێ. پێش چەند ساڵ عەرەبێکی ئوردنی لێی پرسیم تۆ خەڵکی هەولێری، ئێوە و فلانە شار ناحەزی یەکترن. گوتم شتی وا نییە. گوتی چەند هاوەڵێکی ئەو شوێنەم هەیە پێیان گوتووم کێشەی گەورەمان لەنێواندا هەیە. هەستم بە شەرم و بەخۆدا شکانەوەیەکی گەورە کرد.

ئەزموونی کوردی پێویستی بەپیاوی دووربین و بەرنامەدار هەیە، بە هەنگاوی ورد و خێرا، هەنگاوی بەردەوام و بێ پسانەوە. دەشێ لەگەڵ سەرژمێرییەکی گشتیدا، بۆ نموونە سەرژمێریی هەرێم ئەگەر لە داهاتوودا بێتە کردن، دانانی ناسناو و پاشناو بەسەر خەڵکدا بێتە سەپاندن. دەزگایەکی کوردی دەتوانێ دەیان هەزار ناسناو دیاری بکا و ئەوانەی ناسناویان نییە، ئازاد بن کامیان بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن. ئەمە دیمەنی خێڵەکییانەی کۆمەڵی کوردەواری دەگۆڕێ و دەیکا بەکۆمەڵگەیەکی نوێدەم. هەنگاوێکی سادە و سەرەتاییە بۆ توانەوەی کورد لەناوەخۆیدا، بەڵام هەنگاوێکی بنەڕەتی و پێویست.



بەدران ئەحمەد حەبیب
بەڕێوەبەری دەزگەی ئاراس